﴿فَاسْأَلُواْ أَهْلَ الذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ﴾

# وەڵامی شەرعی بۆ پرسیاری خوێنەران

م / خليل أحمد

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:

ئەم گۆشەیەی گۆڤارەکەمان فەتوای زانایان و وەڵامی پرسیار و کێشەی خوێنەرانی بەڕێز دەربارەی فیقە و حەدیس و ئەو شتانەی کە پەیوەندیان بە شەریعەتەوە هەیە لە ئامێز دەگرێت، بە ویستی خوای گەورە لە هەموو ژمارەیەکی ئەم گۆڤارە بەنرخەدا ژمارەیەك فەتوا و وەڵامی بە سوودی زانایانی متمانە پێکراو و سەرچاوەی متمانە پێکراو دەخەینە بەر دەستی خوێنەران ئەمەش وەڵامی چەند پرسیارێکە:

پ١/ **چۆن بزانین مانگی نوێمان بەسەردا هاتووە لە هەموو مانگەکاندا بۆ نموونە مانگی ڕەمەزان؟**

وەڵام / مانگی نوێ دەرکەوتنی (هلال) واتە: بینینی مانگی نوێ پاش ئەوەی خۆر ئاوا بێت، ئەگەر دوای ئەوەی خۆر ئاوابوو بینرا ئەوا بێ گومان دەچینە ناو یەکەم شەوی مانگی داهاتووەوە، ئەوەش بزانە لەم کاتەدا تەنها ئەوانە دەیبینن چاویان تیژە، بەڵام لە شەوی دووەمدا هەموو کەسێك دەتوانێت بیبینێت، لەم شەوەدا ئاوابوونی مانگ نزیکەی سێ چارەك سەعات لە خۆر ئاوابوون دوا دەکەوێت، هەروەها لە نزیك شەوی سێیەمدا لە کاتی نوێژی خەوتنان (عشاء) ئاوا دەبێت، لە (نوعمان)ی کوڕی (بەشیر)ەوە سەلمێنراوە کە فەرموویەتی: (من زاناترین کەسم بەکاتی نوێژی خەوتنان (عیشا) (واتە: کاتی ئاوابوونی مانگی شەوی سێیەم لە مانگدا، واتە: دوای ئاوابوونی خۆر بەیەك سەعات و نیو ئەمەش کاتی نەمانی سورایی خۆرە (شەفەق) .

بەڵام ئەگەر مانگ بینرا زۆر نزیك بوو لە خۆر یان پێشی کەوتبوو ئەوە هی مانگی پێشووە، هەروەها ئەگەر هی کۆتایی مانگ بێت ئەوا لە ئاسۆدا بە شێوەی کەوانە دەبینرێت هەر دووسەری

کەوانەیە ڕووی لە سەرەوە دەبێت، والله اعلم[1].

**پ٢/ ئایا بۆ موسڵمانان دروستە بۆ گرتنی ڕۆژووی ڕەمەزان و شکاندنی لە کۆتایی مانگدا پشت بە حیسابی فەلەکی ببەستن یان هەر ئەبێت مانگ ببینن؟**

وەڵام/ شەریعەتی ئیسلام شەریعەتێکی ئاسان و گشتییە حوکمەکانی بۆ هەموو عالەمی جین و ئادەمیزادە بە هەموو چین و توێژەکانیانەوە، زانا و نەزان و شاریی و دەشتەکییان، بۆیە خوای گەورە ڕێگەی زانینی کاتەکانی بۆ ئاسان کردوون، وای کردووە بۆیان، هاتن و تەواو بوونی کاتەکانی بۆ دیاری کردوون بە چەند نیشان و شتانێك هەموویان وەك یەك بیناسن و بزانن .

بۆیە ئاوابوونی خۆری بۆ کردوون بە نیشانێك بۆ هاتنی کاتی نوێژی ئێوارە (مغرب) و نەمانی نوێژی عەسر، هەروەها نەمانی سورایی پاش ئاوابوونی خۆری بۆ کردوون بە نیشانێك بۆ هاتنی کاتی نوێژی (عیشاء)، هەروەها بینینی مانگ دوای دیار نەمانی لە کۆتایی مانگی پێشوو بۆ کردوون بە نیشان بۆ دەست پێکردنی مانگی تازە و کۆتایی هاتنی مانگی پێشوو، خوای گەورە تەکلیفی لێ نەکردووین - بۆ زانینی مانگی تازە - بە شتانێك کە کەسانێکی کەم دەیزانن وەك زانستی ئەستێرەناسی یان زانستی حیسابی فەلەکی، بۆیە دەقەکانی قورئان و سوننەت ئەم بۆچوونە پشت ئەستوور دەکەن:

بینینی مانگی ڕەمەزان بەچاو نیشانەیە بۆ دەست پێکردنی ڕۆژوو گرتن، هەروەها بۆ جەژنی قوربان و ڕۆژی (عرفە)، خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ﴾ [سورة البقرة: (١٨٥)]،

وە دەفەرمووێت: ﴿يَسْأَلُونَكَ عَنِ الأَهِلَّةِ قُلْ هِيَ مَوَاقِيتُ لِلنَّاسِ وَالْحَجِّ﴾[سورة البقرة: (١٨٩)]،

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمووێت: ((إذا رأيتموه فصوموا، وإذا رأيتموه فأفطروا، فإنْ غُم عليكم فأكملوا العدة ثلاثين))[2].

پێغەمبەری خوا (ﷺ) جێگیر بوونی ڕۆژوو گرتنی مانگی ڕەمەزان و شکاندنی بە ستووە بە بینینی مانگەوە بە چاو نەك بە حساب و بەدواگەڕانی ئەستێرەکانەوە، بەمەش کارکراوە لە کاتی پێغەمبەر (ﷺ) و کاتی هەر چوار خەلیفەکەی پێغەمبەر (ﷺ) و چوار پێشەوای بەناوبانگ و سێ سەدەی شایەتی بۆ دراوە لە لایەن پێغەمبەرەوە (ﷺ) بە فەزڵ و چاکە .

کارکردن و گەڕانەوە لەم مەسەلەیەدا بە زانستی ئەستێرەناسی بیدعەیە و خێری تێدا نییە و هیچ بەڵگەیەکی لەسەر

---

[1] جواب (الشيخ عبد الله بن عبد الرحمن بن جبرين) فتاوى رمضان : (٥٧/١) ترتيب أشرف عبد المقصود .

[2] صحيح البخاري رقم: (١٩٠٠) .

نی‌یە، بۆیە وولاتی سعوودیە بەوە کار دەکات کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) و پێشینە پیاو چاکان لەسەری بوونە، بەڕاستی لە دینداریدا خێر لەوەدایە شوێنی پێشینە پیاو چاکان بکەویت و هەموو خراپەیەکیش لە شوێنکەوتنی بیدعەدایە[٣].

**پ٣/ ئایا حوکمی موسافیر لە ڕەمەزاندا شۆفێری ئۆتۆمبیلەکان دەگرێتەوە لە سەفەردا لە کاتێکدا بەردەوام لە سەفەردان؟**

وەڵام / بەڵێ حوکمی سەفەریان لەسەردا دێت، بۆیان هەیە نوێژ کورت بکەنەوە و کۆبکەنەوە و بە ڕۆژووش نەبن.

ئەگەر کەسێك بڵێت: ئەی کەی ڕۆژوو بگرن لە کاتێکدا بە درێژایی ساڵ ئەمە کاریانە؟ لە وەڵامدا ئەڵێین: لە ڕۆژانی زستاندا با ڕۆژوو بگرن لەبەر ئەوەی ڕۆژەکانی کورت و ساردن، بەڵام ئەو شۆفێرانەی لە ناو شاردا کار دەکەن ئەم حوکمەیان نی‌یە و واجبە بە ڕۆژوو بن[٤].

**پ٤ / ئایا دروستە بۆ ئافرەتان داو و دەرمان بەکار بهێنن بۆ قەدەغە کردنی خوێنی (حیض) لە ڕەمەزاندا یان نا؟**

وەڵام / دروستە ئافرەتان داو و دەرمان لە ڕەمەزاندا بەکار بهێنن بۆ قەدەغە کردنی خوێنی (حیض) بەمەرجێك پزیشکی متمانە پێکراوی پسپۆڕ یان کەسانی شارەزا ئەوە بسەلمێنن کە هیچ زیانی بۆیان نی‌یە و هیچ کاریگەری بۆ سەر منداڵدانی نی‌یە، چاکتر وایە بۆ ئافرەتان ئەمانە بەکار نەهێنن چونکە خوای گەورە حەڵاڵی کردووە بۆیان ڕۆژوو نەگرن و لە کاتێکی تردا قەزای بکەنەوە[٥].

**پ٥/ ئایا بۆ ئافرەتی حامل و شیردەر دروستە بە ڕۆژوو نەبن لە ڕەمەزاندا؟ ئایا واجبە لەسەریان قەزای بکەنەوە یان (کەفارەت)یان لە سەرە؟**

وەڵام / (ئافرەتی سك پڕ و شیردەر ئەگەر لەخۆیان و منداڵەکانیان بترسن بە ڕۆژوو نابن و هەموو ڕۆژێك خواردنی هەژارێك دەدەن، بەڵگەی ئەوەیش لە کتێبی خوای پەروەردگار دا:

﴿ وَ عَلَى الَّذِينَ يُطِيقُونَهُ فِدْيَةٌ طَعَامُ مِسْكِينٍ ﴾، ڕووی هەڵێنجاندی بەڵگەش (وجه الإستدلال) ئەوەیە کە ئەم ئایەتە تایبەتە بە پیاو و ئافرەتی پیر و نەخۆشێك کە هیوای چاك بوونەوەی لێ نەکرێ و شیردەر و سك پڕ ئەگەر لە خۆیان و منداڵەکانیان بترسن، هەر وەکو

---

[٣] وەڵامی لیژنەی هەمیشەیی بۆ توێژینەوەی زانستی و فەتوا، لە کتێبی: فتاوى رمضان: (١ / ٦٠ ـ ٦١) .

[٤] جواب الشيخ محمد بن صالح العثيمين رحمه الله، فتاوى رمضان: (٢ / ٣٣٣ ـ ٣٣٤).

[٥] وەڵامی لیژنەی هەمیشەیی بۆ توێژینەوەی زانستی و فەتوا، لە کتێبی: فتاوى رمضان: (١ / ٣٥٤) .

باسەکە ئاشکرا دەکرێت لە ڕیوایەتـەکانی (ابن عباس) و (ابن عمر)ەوە (رضي الله عنهم)...

(ابن عبـاس τ) فەرموویەتی: ((... وثَبت للشيخ الْكَبِيرِ والْعجـوزِ الْكَبِيـرة إِذَا كَانا لا يطيقَانِ الصوم، والْحبلَى والْمرضعِ إِذَا خافَتا أَفْطَرتا وأَطْعمتا كُلَّ يومٍ مسكينا))(٦) .

واتە: ... وە ئەوە جێگیر بوو کە پیـاو و ئـافرەتی پـیر ئەگـەر توانـای ڕۆژوویـان نەبێ و ئـافرەتی سك پڕ و شـیر دەریش ئەگەر لە خۆیان و منداڵەکانیان ترسان بە ڕۆژوو نابن و بـۆ هـەموو ڕۆژێـك خـواردنی هەژارێك دەدەن ...

(ابن عبـاس) (رضي الله عنه) ئـەم حوکمـەی داوە بۆ ئافرەتی سك پڕ و شیردەر، باشە لە کوێوە ئەم حوکمەی داوەتێ؟ گومان لـەوە دا نـیـە کـە لـە سـوننەتەوە، بـە تایبەت خۆی بە تەنها ئەمەی نەفەرمووە،

(٦) أخرجه ابـن الجـارود رقـم: (٣٨١) ، والبيهقـي: (٤/٢٣٠)، وأبو داود رقم: (٢٣١٨)، وسنده صحيح .

وثبت عنه أنه قال: ((إذا خافت الـحامل على نفسها، والـمرضع على ولدها فـي رمـضان، قـال: يفطـران ويطعمان مكان كل يومٍ مسكيناً، ولا يقـضيان صـوماً)) صحيح عزاه الشيخ الألبانـي في "الإرواء" (١٩ / ٤) إلى الطبري (٢٧٥٨) وقال إسناده صحيح على شرط مسلم . نقلاً عن "الوجيز في فقه السنة والكتـاب العزيـز" ص : (١٩٩) .

واتە: ئەگەر ئافرەتی سك پڕ (حامل) ترسـی لەسـەر خـۆی هـەبوو، وە ئـافرەتی شـیردەر ترسـی لەسـەر منداڵەکەی هەبوو لە ڕەمەزاندا ئەوا بە ڕۆژوو نـابن و لـە جیاتی هەموو ڕۆژێك خواردنی هەژارێك دەدەن، و ڕۆژوو قەزا ناکەنەوە .

بەڵکو (عبدالله بن عمر) (رضي الله عنه) هاو دەنگە لە گـەڵی دا کـە دەگێڕێتـەوە ئـەم ئایەتـە (مەنسوخە) .

لـە (مالك) ەوە دەگێڕنـەوە ئـەویش لـە (نـافع)ەوە کـە (ابـن عمـر) (رضي الله عنه) پرسیاری لێ کرا دەربارەی ئافرەتی سك پڕ ئەگەر لە منداڵەکەی ترسا، فەرمووی:

" تفْطر وتطْعم مكَانَ كُل يومٍ مسكيناً مـدّاً مـن حنطـة "(٧)،

واتـە: ڕۆژوو ناگرێـت و بەرامبـەر بـە هـەر ڕۆژێـك خـواردنی هـەژارێك دەدات بـە گوێـل(مـد)یـك لـە گـەنم .

وە لـە (ابن عمر)ەوە(رضي الله عنه) دەیگێڕینـەوە کە فەرموویەتی:

(الحَاملُ والْمرضع تفْطـر ولا تقْـضي)(٨) .

واتە: ئـافرەتی سـك پـڕ و شـیردەر ڕۆژوو ناگرێـت و قەزاشـی ناکاتـەوە.

وە لـە ڕێگەیـەکی تـرەوە: (أن امرأته سألته وهي حبلى، فَقَالَ: أَفْطري وأَطْعمي عن كُل يومٍ مسكيناً ولا تقْضي) (إسـناد)ەکەشـی (جيد)ە، وە لە ڕێگـەی سـێیەمـەوە هـەر لـەوەوە(رضي الله عنه): ( أن بِنتاً لَه كَانت تحـت رجلٍ من قُريش، وكَانت حاملاً، فَأَصـابها عطَش في رمضان، فَأَمرها أَنْ تفْطر وتطْعـم عن كُل يومٍ مسكيناً ...).

لـە ( ابـن عبـاس ) ەوە(رضي الله عنه) دەگێڕنەوە کە یەکێك ـ لەو کەنیزەکانـەی

(٧) أخرجه البيهقي في "سننه": (٤/٢٣٠) من طريق الإمام الشافعي، وسنده صحيح.

(٨) أخرجه الدارقطني: (١ / ٢٠٧) وصححه .

کە منداڵی لێی هەبوو (أم ولد) ـ بە سك پڕی یان شیردەری بینی و فەرمووی:

( أنت من الذين لا يطيقُونَ ، عليـك الجَزاءُ ، وليس عليك القضاءُ)[٩].

واتە: تۆ لەوانەی کە توانای ڕۆژوویان نییە، فیدیەدانت لە سەرە نەك قەزا کردنەوە[١٠].

**پ٧ / ئەگەر هاتوو پیاو لە ڕەمەزاندا بە ڕۆژ ماچ یان دەسبازی لە گەڵ خێزانی خۆی کرد ئایا ڕۆژووەکەی بەتاڵ دەبێتەوە یا نا؟**

وەڵام / ماچ کردن و دەسبازی پیاو لە گەڵ خێزانیدا بە بێ جیماع کردن لە کاتێکدا بە ڕۆژوو بێت دروستە و هیچی تێدا نییە، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) ماچی خێزانی دەکرد و یاری لە گەڵ دەکرد، بەڵام ئەگەر ترسا بکەوێتە حەرامەوە لە بەر ئەوە شەهوەتی بەرز بوو مەکروهە ئەو شتانە بکات، ئەگەر (منـي) دابەزی ئەبێت خۆی بگرێتەوە لە خواردن و خواردنەوە و جماع تا ئێوارەی ئەو ڕۆژە، پاشان ئەو ڕۆژە بگرێتەوە و (کفارە)ی لەسەر نییە لای زۆر بەی زانایان، بەڵام (مذي) ڕۆژووی پێ بەتاڵ نابێتەوە لە ڕای پەسەندکراوی زانایاندا، چونکە ئەسڵ ئەوەیە ڕۆژووەکە تەواو بێت و بەتاڵ نەبێتەوە، هەروەها گرانە ئادەمیزاد خۆی لەو کارە بپارێزێت[١١].

**پ٨/ پرسیار کرا لە شێخ** محمد بن صالح العثمين **دەربارەی ڕۆشتنی خوێن لە ڕۆژووان ئایا ڕۆژوو دەشکێنێت؟**

وەڵام / ئەو خوێن ڕۆشتنەی بە هۆی ددانەوە دروست دەبێت هیچ زیانێکی بۆ ڕۆژووەکە نییە، بە مەرجێك هەوڵ بدات خۆی بپارێزێت لە قوتدانی ئەو خوێنە چونکە دەرچوونی خوێن بەبێ ویستی مرۆڤ بە یەکێك لەوانەی ڕۆژوو دەشکێنێت ناژمێردرێت، کەسێك ئەم حاڵەی بەسەر هات واجب نییە ڕۆژووەکەی قەزا بکاتەوە[١٢].

**پ٩/ حوکمی ئەو کەسە چییە کە بە ڕۆژووە و خوێنی لێ وەردەگیرێت بەمەبەستی شیکاری خوێن؟**

وەڵام / ئەم جۆرە شیکاریانە ڕۆژوو بەتاڵ ناکەنەوە، بەڵکو بواری پێدراوە، چونکە ئادەمیزاد پێویستی بەم جۆرە شیکاریانە هەیە، ئەنجا لەو شتە ئاشکرایانە نییە کە ڕۆژوو دەشکێنن لە شەرعدا[١٣].

**پ١٠/ پرسیار کراوە لە شێخ** ابن باز (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) **دەربارەی**

---

[٩] أخرجه الدارقطني: (١ / ٢٠٧).

[١٠] وەڵامی (سليم الـهلالـي وعلـي الـحلبـي) لە کتێبی: صفة صوم النبـي .

[١١] جواب (الشيخ ابن باز رحمه الله)، فتـاوى رمـضان: (٢ / ٤٥٢) .

[١٢] جواب (الشيخ محمد بن صالـح العثيمين رحمه الله)، فتاوى رمضان: (٢ / ٤٦٠) .

[١٣] جواب (الشيخ ابن باز رحمه الله)، فتاوى رمضان: (٢ / ٤٦٥) .

**بەکارهێنانی دەرزی لە دەمار** (ورید) **و** (عضلة)، **جیاوازی بۆ ڕۆژووان چییە؟**

لە وەڵامدا دەفەرمووێت: ئەوەی پەسەندە ڕۆژوو ناشکێنن، تەنها ئەوەی ڕۆژوو دەشکێنێت دەرزی (مغـذي)یە[١٤]...

پ١١/ **پرسیار کراوە لە شێخ** ابن بـاز (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) **دەربارەی حوکمی هەڵگرتنی دەرمان لە کۆمەوە** (الـحقنة الشرجية) **بۆ ڕۆژووان لە کاتی پێویستیشدا؟**

لە وەڵامدا دەفەرمووێت: لە وەڵامی پەسەندکراوی زانایاندا بۆ نەخۆش ئەگەر پێویستی پێی هەبوو دروستە ئەمە هەڵبژاردەی شێخی ئیسلام (ابن تيمية)یە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) هەروەها کۆمەڵێکی زۆر لە زانایان، چونکە وەکو خواردن و خواردنەوە نییە[١٥].

پ١٢/ **پرسیار کراوە لە شێخ** محمد بن صالح العـثمين (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) **دەربارەی قەترەی چاو و لووت هەروەها چاوڕەشتن و قەترەکردنە گوێ ئایا ئەمانە ڕۆژوو دەشکێنن؟**

لە وەڵامدا دەفەرموێت: قەترەی لووت ئەگەر بگاتە گەروو یان قورگ ئەوا ڕۆژوو دەشکێنێت پێغەمبەر (ﷺ) لە فەرموودەی (لقيط)ی کوڕی (صـبرة)دا دەفەرموێت: ((بالغْ في الاستنـشاق إلا أنْ تكونَ صائماً))[١٦].

کەوابوو بۆ ڕۆژووان دروست نییە قەترە بکاتە لووتی ئەگەر بگاتە گەروو یان قورگی، وە ئەگەر نەگاتە قورگی یان گەرووی ئەوە ڕۆژوو ناشکێنێت.

بەڵام قەترەی چاو و چاوڕەشتن و قەترەی گوێ ئەوا ڕۆژوو ناشکێنن، چونکە بەڵگەی لەسەر نەهاتووە بە تایبەت و هیچ دەقێکیش نەهاتووە بیانگرێتەوە، هەروەها چاو دەرگا و کونێك نییە بۆ خواردن و خواردنەوە، هەروەها گوێچکەش.

زانایان ووتویانە: ئەگەر مرۆڤ هەردوو پێی بەشتێك چەور بکات تامی ئەو شتەش لە قورگی دا هەست پێ بکات ڕۆژووەکەی ناشکێت، چونکە دەرگای چوونە ژوورەوەی خواردن نییە، کەوابوو ئەگەر کل بکاتە چاووی یان قەترە بکاتە چاووی یان گوێی ڕۆژووەکەی ناشکێت ئەگەر لە قورگیدا هەست بەتامی نەکات .

هەروەها خۆی چەورکات بە ڕۆنێك بۆ چارەسەری یان بۆ مەبەستی چارەسەریش نەبێت هیچ زیانێکی نییە، یان ئەگەر هەناسەی کورت بێت ئەتوانێت (بەخاخ) بەکاربهێنێت بۆ ئاسانکردنی هەناسەی ئەوە ڕۆژوو ناشکێنێت، چونکە ناگاتە گەرووی، وە خواردن و خواردنەوەش نییە، والله أعلم[١٧] .

---

[١٤] بڕوانە: فتاوى رمضان: (٢ / ٤٨٥) .

[١٥] بڕوانە: فتاوى رمضان: (٢ / ٤٨٥) .

[١٦] صحيح أبـي داود رقم: (١٤٢) و (١٤٤) .

[١٧] بڕوانە: فتاوى رمضان: (٢ / ٥١١) .

**پ١٣/ پرسیار کرا لە شێخ صالح الفوزان ئایا بۆ ڕۆژووان دروستە (معجـون)ی ددان بەکاربهێنێت لە ڕۆژەکانی ڕەمەزاندا؟**

لە وەڵامدا دەفەرموێت: بەڵێ بۆ ڕۆژووان دروستە بەکاری بهێنێت لەگەڵ ئاگاداریدا کە هەندێك لەو گیراوەیە بچێتە ناو قورگیەوە، سوننەتە دانەکانی پاك بکاتەوە بە سیواك و شتی تر جگە لە سیواك، بە شتانێك نەگاتە قورگی، هەروەها دروستە ئاو هەڵدات بە دەمیدا بۆ دەست نوێژ بەمەرجێك زیادە ڕەووی نەکات بۆ ئەوەی نەچێتە ژوورەوە [١٨].

**پ١٤/ پرسیار کراوە لە شێخ محمد بن** صالح العثمين (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) **دەربارەی غوسڵی لەشگرانی دوای دەرکەوتنی فەجر بۆ ڕۆژووان ؟**

لە وەڵامدا فەرموویەتی: ئەڵێین دروستە و ڕۆژووەکەشی تەواوە، چونکە هیچ گوناهی تێدا نیە کەسی ڕۆژووان دەست بە ڕۆژووگرتن بکات لە کاتێکدا لەشی گران بێت با فەجریش دەرکەوێت، بەڵێ هیچی لەسەر نیە و پاشان خۆی دەشوات، بۆ لەشگرانی پێغەمبەر (ﷺ) فەجری بەسەردا دەهات لە کاتێکدا لەشی گرانبوو لە خێزانەکانی ئەنجا خوسڵی دەکرد و ڕۆژووەکەشی بەسەر دەبرد.

ئەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کردوویەتی گومانی تێدا نیە دروستە بۆ ئێمەش، چونکە ڕابەر و سەرمەشقی ئێمەیە، هەر شتێك ئەو بیکات موسڵمانان شوێنکەوتەی ئەون لەو شتەدا مەگەر بەڵگە تایبەتی بکات بە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) [١٩].

**پ١٥/ ئایا ڕۆژووی شەش ڕۆژی مانگی شەوال پێویستە ڕاستەوخۆ دوای ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان بگیرێت یان دەتوانرێت چەند ڕۆژێک دوای جەژن ئەنجام بدرێت بەیەکەوە واتە یەک لەدوای یەک؟**

وەڵام / واجب نیە ڕاستەوخۆ دوای ڕۆژی جەژن ئەنجام بدرێت، بەڵکو دروستە دوای جەژن بە ڕۆژێك یان چەند ڕۆژێك لەسەر یەك (متتالـي) یان بە لە یەك جیا (متفرق) لە مانگی (شەوال)دا بگرێت چۆن بۆی ڕێککەوت، مەسەلەکە فراوانە، ئەنجا حوکمی سوننەتە واجب نیە [٢٠].

والسلام عليكم ورحمةُ الله وبركاته ...

---

[١٨] بڕوانە: فتاوى رمضان: (٢ / ٤٩٦) .

[١٩] بڕوانە : فتاوى رمضان : (٢ / ٥٤٧) .

[٢٠] بڕوانە : فتاوى رمضان : (٢ / ٦٩٣) .